kurdistannet کوردستان نێت

# مەرامی کورسی و جیا بونەوەی یەکگرتوو لە لیستی هاوپەیمانی ؟!

**پارێزەر : هێمن مەلا امین - هەولێر**

ماوەیەکە و لە پاش راگەیاندنی حزبی یەکگرتوو بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ١٢/١٥ بە لیستێکی سەربەخۆ و جیا لە لیستی هاوپەیمانێت کوردستان ، لێرەو لەوێ و لە دەزگاکانی راگەیاندن دەبیستین کە سەرکردایەتی هەردوو حزبی دەسەلاّت دار لە کوردستان ، ئاماژە بەوە دەکەن کە جیا بونەوەی ئەو حزبە لە لیستی کوردستانی لەسەر کورسی بووە و ئەو حزبەیش هەر فریای ئەوە دەکەوێت بەراشکاوانە وەلاّم بداتەوە و بلێ کە وا نەبووە و ئەم دانوستانە لەسەر کورسی لە کوێ و کەی و لەگەڵ کێ کراوە ؟!

لێرەدا چەند رون کردنەوەیەك پێویستە بۆ هاوولاّتیان سەبارەت بە هەندێ نا رونی لەم بانگەشانەدا کە دەکرێت :

یەکەم : ئایا ئەم ترسە لە یەکگرتوو بۆ ؟! ئەبێت چ نهێنیەك هەبێت ئێمە نەیزانین کە وا ئەم دوو حزبی دەسەلاّتەی کوردستان کە نیوەی تەمەنی دەسەلاّتی رژێمی دیکتاتۆری بەغداد لە کوردستاندا دەسەلاّتداری دەکەن بونەتە دەوڵەمەند ترین کەسانی ناوچەکە بەسەر پارە و داهاتی خەڵکی کوردستانەوە ، ئایا بەو هەموو خۆجێگیر کردنەوە بە دەسەلاّت و پارەیان دەبێ لە چی بترسن ؟!

دووەم: دەبینین کاتێك کەسێکی سەرکردایەتی پارتی وە یاخود یەکێتی ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەر کورسی یەکگرتوو جیا بوەتەوە و وەلاّم دەدرێتەوە ، دیسان یەکێکی تریش ئەوە دووبارە دەکاتەوە !! وەك ئەوەی ماڵ جیایی لەسەر کورسی عەیبەیەکی گەورە بێت لە کوردستاندا !! ئایا ١٠ مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردوودا تێپەریوە ، هۆی نەبونی هیچ ئە نجامێك گرفتی کورسی نەبووە لە نێوان یەکێتی و پارتیدا ؟!! ئایا تاوانی هاوولاّتی چیە کە هەردوو حزبی دەسەلاّت رێك کەوتوون کە تا ساڵی ٢٠١٥ دەبێت هەر باری سیاسی کوردستان بە تەوافق لە بەینی یەکێتی و پارتیدا دابەش بکرێت چونکە ئەو دوانە ناتوانن گرفتەکانیان لە رێگەی صندوقەکانی هەڵبژاردنەوە چارەسەر بکەن ؟! بۆیە دەبێت هەر بە فیفتی بە فیفتی بارودۆخەکە بەردەوام پێبدەن تا ١٠ ساڵی تر ؟! ئایا چەندین ساڵی شەری ناوخۆ لە نێوان یەکێتی و پارتیدا هۆکارەکەی تەنها گرفتی کورسی نەبووە لە نێوان یەکێتی وپارتیدا ؟!! ئایا چەندین لاوی کورد بە دەستی کورد تیرۆر کرا و لە گۆر نراو خوێنی رژا تەنها هۆکار گرفتی کورسی نەبوو لە نێوان پارتی ویەکێتیدا ؟!! ئایا دوو پارچە کردنی کوردستان بۆ دوو بەش بۆ چەند ساڵە هۆکارەکەی گرفتی

کورسی نەبوو لە نێوان یەکێتی و پارتیدا ؟!! ئایا یەك نەگرتنەوەی دوو ئیدارەیش پاش ئەو هەموو هەوڵ و تەقلایەی هەموو لایەك لە ناوخۆو دەرەوەیش هۆکارەکەی هەر گرفتی کورسی نیە لە نێوان یەکێتی و پارتیدا ؟!!

ئایا یەکێتی و پارتی بە چ رویەکەوە ئەتوانن بانگەشە بۆ هەڵبژاردنێك بکەن کە ئە نجامی هەڵبژاردنی رابردوویان هیچی نەکراوە بە هیچ ، هاوولاتی دەنگ بدات بۆ زیاتر دوولەت کردنی دوو ئیدارە ؟!! دەنگ بدات بۆ زیاتر بەرقەرار بونی فیفتی بە فیفتی نێوان ئەوو دوو حزبە ؟!! دەنگ بدات بۆ زیاتر پڕ کردنی گیرفانی هەندێ لە بەرپرسان لە نێوان ئەو دوو دەسەلآتەدا ؟!! دەنگ بدات بۆ ئەوەی ئە نجامی دەنگەکەی رێزی لێنەگیرێت و پێی بوترێت دەنگ بدەیت یان نا هیچ لە مەسەلەکەناگۆرێت ؟!!